پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەکاتی هەموو نوێژێکدا دەستنوێژی دەگرت

لە عەمرو کوڕی عامر کە ئەنەسی کوڕی مالیک -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەکاتی هەموو نوێژێکدا دەستنوێژی دەگرت. (عەمرو دەڵێت) ووتم: ئەی ئێوە چیتان دەکرد؟ (ئەنەس) ووتی: یەك دەستنوێژگرتن بەس (ڕەوا) بوو بۆ کەسێکمان ؛ ئەگەر دەستنوێژەکەی نەشکایە».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بۆ هەموو نوێژێکی فەرز دەستنوێژێکی نوێی دەگرت ئەگەرچیش دەستنوێژەکەی نەشکا بێت ؛ ئەمیش بۆ بەدەستهێنانی پاداشت وفەزڵ. ئەنجامدانی زیاتر لە یەك نوێژ بە یەك دەستنوێژ ؛ ڕێگەپێدراوە بەمەرجێك دەستنوێژەکەی نەشکا بێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65080